کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 23:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کوردستانیش هێندەی نەماوە ببێت بە وەزیرستان ... باوکی شازاد**

لەهەر شوێنێکی دونیا کە لە ناوچەیەک شتێک باوی هەبوو ئەو شوێنە بەو ناوە دەناسرێت، جا مەرج نیە ئەو ناوە باش بێت یان خراپ لە بەر ئەوەی دەبێت بە ناوێکی خۆرسک، دەبینین گەڕەکەکانی کە کەوتونەتە دەرەوەی سنوری شارەوانی هەولێر و سولەیمانی یاخود هەندێ گەڕەکی کۆنیش هەیە کۆتاییەکانیان هەمووی بو ووشەی (وە) هاتوە بۆ وێنە باداوە، سەیداوە، لەتیفاوە، تەیراوە، عانکاوە، واتە ئەو کەسەی کە ئاوەدانی خستۆتە ئەو شوێنە، وەیان گەڕەگەکانی شورتاوە، کەنناساوە هەندێک ناوی تر، لە گەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەو شوێنانەش دا ژیان بە سەر دەبەن کە زۆربەیان خەڵکانی بی دەرامەت و لێقەوماوی دێهاتە کاولکراوەکانی کوردستانن کە هەر دەم ئەوانن بوونە بە باجدەری خەڵکی کوردستان لە لایەن دوژمنانی گەلەکەمان کە سزای بە کۆمەڵیان لە سەر جێ بەجێ دەکرا، ئەوانیش هەر وەکوو گەڕەکەکانی، پۆتیناوە، سەگاوە، مێشاوە، گواوە، ڕیخاوە وزۆر ناوی پیس و پەڵۆخی تر کە پیاو گویی لی دەبێت مەزاجی تێک دەچێت واتە ئەو شوینە بەو ناوە دەناسرێت کە بە شیوەیەکی زۆرو بەرچاو ئەو شتانەی تیا دەبینرێت بە کوردیەکەی خۆمان ئەو شتانەش هەر هەمووی نیشانەی بێ خزمەت گوزاری دەگەیەنێت لەم گەڕەکە میللیانەی کە ناوی وا ناخۆشیان لێنراوە، خۆ ئەوانیش حەزیان دەکرد ئێستا گەڕەکەکانیان ناوی مۆدێرنیان هەبووایە تاکوو وەکو خەڵک شانازیان پێوە بکردایە بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک خەڵکی ئەو گەڕەکەش نەبوایە خۆی بکردایە خەڵکی ئەوێ هەر وەک چۆن دەبینین لە هەندەران هەندێ کەس کە لێی دەپرسی خەڵکی کوێیت ناڵێت خەڵکی کام شارم یەکسەر دڵێت من خەڵکی گەڕەکی توی مەلیکم یان بەختیاری یان سەهۆڵەکە، یان ئازادی و زانیاری و ئەندزیاران لەهەولێر وە زۆر ناوی تری هەمە چەشن، وە ئەگەر بێینە سەر وەزیرستانی پاکستانیش ئەوە هەر لە کاتی خۆی لەوانەیە لە هەندێ کابینەی وەزیرانی پاکستان چەند وەزیرێک هەبوە بە پەنجەی دەست ژمێردراون کەلەوانەیە کوڕە دەرەبەگ و سەرمایەدارو سەرۆک عەشیرەت بوونە بە ڕەگەز خەڵکی ئەو ناوچانە بونە ئێستا پێی دەڵێن وەزیرستان زۆر کەس واتێدەگات دەبێ وەزیرستانی پاکستان چی بێت؟ چەندە پێش کەوتو بن، نازانن پاشکەوتوترین ناوچە ئەو ناوچە سنوریەیە کە دەکەوێتە نێوان ئەفغانستان و پاکستان وە پڕیەتی لە مافیاو تێرۆریستانی (ئەلقاعیدە) ناوچەیەکە دورە لە هەموو دیاردەیەکی شارستانیەتی. باشە با بێینە وە سەر کوردستانەکەی خۆمان کە هەموومان دەزانین ژمارەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ هەر چۆنی سەرژمێری بکەین بێجگە لە ناوچە دابڕاوەکان لە نێوان (3تاکوو 4) ملیۆن کەس تێناپەڕێت، پاش هەڵبژاردنە مێژوییەکەی کوردستان و دروست بوونی پەرلەمان، یەکەم کابینەی یەکگرتوی حکومەتی کوردستان کە لە ساڵی 1992 دروست بوو بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعسوم دواتر کابینەی دووهەم بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول دروست بوو ئیتر لەویوە کە شەری ناوخۆ یاخود بڵێن شەڕە دەسەڵات و شەڕە داهات ڕویدا، ئەوجارەیان بووین بە خاوەنی جوتێ کابینەی چڕوو پڕلە وەزیر واتە هەر چەند دائیرەیەک کۆکرانەوەو بوون بە وەزارەت و وەزیرێکی بۆ دانرا ئەویش هەر بۆ ڕازی کردنی هەڤاڵانی خۆیان و پارتە هاوپەیمانەکانیان سەرو وەزیریان پێ بەخشین جا گرنگ نەبوو ئەو وەزارەتە کاری هەبوایە یان نا، حیزبی وا هەبوو زۆر بە زیرەکانە پۆستی وەزاری لە هەردوو لا وەر گرتبوو دیارە توانیبوویان دڵی هەردوو لا ڕازی بکەن بۆیە لە دوو لا دەیانخوارد نۆشی گیانیان بێت، ئیتر بەم شێوەیە لەئیدارەی سلێمانی کابینەی بەرێز دکتۆر بەرهەم و دوایی کابینەی کاک عومەر فەتاح هات ئەوەشمان لە بیر نە چێت لە ناو کابینەی سلێمانی نەدەبوو وەزیر لە 3 ساڵ زیاتر بمابایەوە جا خۆتان حیسابی بکەن چەند وەزیر دامەزراوە دواتر خانەنشین کراوەو وەزیری تازەش لە شوینەکەی دانراوە بە خێرایی بروسکە، ئینجا بێینەوە سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیدارەی پارتی لە سەلاحەددین و هەولێر هینەکەی ئەوان دیارە جیاوازی هەبوو لە گەڵ هی یەکێتی لای ئەوان تەجروبەیەک هەیە کە زۆر سودیان لی وەر گرتوە وەکوو حیزب وە کوو ئیدارە ئەوان زۆر حەز ناکەن لە گۆڕینی لێپرسراوەکانیان وەیان بە ڕونتر بڵێین لە ناو پارتی مەسئوول زۆر درەنگ دەگۆڕدرێت کە گۆڕاش زۆر بە زەحمەت جارێکی تر دەبێتەوە مەسئول، بە نیسبەت سەرۆکی وەزیرانیش ئەوە دیارە ڕێزدار نێچیروان بارزانی وەکوو ڕێژەیەکی نەگۆڕ لە هەموو کابینەکاندا هەر لە ساڵی 1994 تاکوو ئێستاش پۆستی سەرۆکی وەزیرانی هەبوە وە ئێستاش مقۆ مقۆی ئەوە هەیە کە ماوەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە ببێت بە کاندیدی یەکێتی بۆ ماوەی 2 ساڵی تر، بە نیسبەتی ئەوان شتێکی سروشتیە لەبەر ئەوەی پلەو پایە بە پێی نە ریتی خۆیان دابەش کراوە کەس گلەییان لی ناکات شیوەی بەڕێوەچون لەوی ئا وایە، بەڵام خۆ لەو هەموو کابینە یەک لە دوای یەکانەی پارتیش چەندین وەزیر دامەزراون دوایی خانەنشین کراون و وەزیری نوی لە شوینەکانیان دامەزراوە، گەر بێت و کەسێکی دەست ڕۆیشتووبەتوانا هەبیت بزانێت هەتا ئێستا ژمارەی وەزیرەکان گەیشتوە بە چەند بەوانەی ڕابوردوو ئێستا کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر سەختە هەر خوا دەزانێت ژمارەیان چەندە دەزانن بۆ؟ لەبەر ئەوەی زۆر لە کاربەدەستە حیزبیەکان و ئەوانەی کە پلەی جێگری وەزیریشیان هەبووە هەر بە پلەی وەزیر خانە نشین کراون بۆیە پێتان سەیر نەبێت کە حکومەتی کوردستان دەڵێ 70 لە سەدای داهاتی کوردستان دەڕوات بۆ مووچە، ڕاستە بەڵام کام مووچە موچەی کرێکارێک یان فەرمانبەرێکی بەستەزمان کە دەرچوی کۆلێجێکە بە 200 هەزار دیناری برێمەر دامەراوە، یان مووچەی وەزیرەکانە کە بە هەزاران دۆلار وەردەگرن هەریەکە کۆمەڵێک لە خزموو کەسی خۆی کردوە بە حیمایەو جۆرەها کەسی تریان بۆ دامەزراوە لە ژێر ناوی خزمەتگووزاری جیا جیا، خۆ باسی پەڕلەمانیش هەر ناکەم ئەگەر لە بەر شەڕی ناخۆ نەبوایە ئێستا بەلای کەم 4 دەورەی یەک لەدوای یەک هاتبوونە ناو پەڕلەمان هەر دەورەیەک 105 ئەندامی هەبوو ئێستا بە لای کەم خاوەنی 525 ئەندام پەڕلەمانی کۆن و نوێ دەبوین، ئینجا هەر ئەندام و چەن حیمایە یەکی دەبوو ئەو پارە زۆرەش هەر هەمووی لە قورگی خەڵکی ڕەش و ڕووتی گەلەکەمان دەر دەهات و دەدرا بەم حەشاماتە لە وەزیر و ئەندام پەڕلەمانەکان، خودا قوەتی میللەتی کورد بدات کە بەرگەی ئەو هەموو بارە قورسە دەگریت، هەردەمیش عادەت وایە داوا لە میللەت دەکرێت دەست بە خۆتانەوە بگرن (شدوالحیزام شدوالحیزام) خەڵک نازانێت چی قور بەسەری خۆی بکات کۆنێک قەپات دەکات چواری تری لێ دەبێتەوە، نازانێت کرێی خانوو دابین بکات مەسرەفی ماڵ و مناڵ پارەی نەوت و بەنزین و غاز یان پارەی جل و بەرگ کرین، ئەوهەموو مەسرەفە زۆرە چۆن دابین دەکریت؟ خەڵک نازانێت هانا بۆ کوێ بەرێت، توخوا بالە بیریشم نەچێت وەزیرە کوردەکانی ناو کابینەی وەزیرانی عێراق و ئەندام پەڕلەمانە کوردەکانی بەغدا لە پەڕلەمانی عێراقی کە سەر بە هاوپەیمانی کوردستانن خۆ ئەوانیش هەر هەموویان خەڵکی لای خۆمانن، خوا سەد ئەوندە زۆر و تەمەندرێژتریان بکات با لە بیریان نەکەین دوایی گلەییمان لی بکەن کە بۆ ناویانمان نەهێناوە، جا توخوا ناهەقمە ئەگەر بڵێم کوردستانەکەی ئێمەش بووە بە وەزیرستان لە گەڵ ڕیزیشم بۆ هەموو وەزیرە بەڕێزەکان لە بەر ئەوەی دیارە کەسێکیش لای ئێمە نابێت بە وەزیر ئەگەر کەسێکی موستەهەق نەبێت بە پێوەری عێراقی و کوردستانی لەبەر ئەوەی لە دونیای پیشکەوتوودا وەزیر لە سەر ئەساسی کەفائەت و لێوەشاوەیی دادەمەزرێت واتە دەبێ وەزیریکی (تەکنۆقرات بێت) بۆ ئەوەی بتوانیت بەو ئیمکانیەتە زانستیەی کە هەیەتی کاری وەزارەت ببات بەڕێوەو لە هەمان کاتیشدا سەر بە حیزبێکە بەڵام نەوەک وەکوو حیزبەکانی خۆمان لەوی حیزب بەوە نیە چەند ئەندامی هەیە یان چەند چەکداری هەیە بەڵکو خەڵک دەنگ ددات بەو حیزبەی کە دەتوانێت باشترین خزمەت پێشکەش بە هاووڵاتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیان بکەن وە خاوەنی ئەزمونێکی دیاروو سەر کەوتوو بوبێت لە مێژووی خۆیداکە جێ پەنجەیان دیار بێت لە بەر چاوی خەڵک، بەڵام لەلای ئێمە پێوەری تایبەتی هەیە پەیڕەو دەکرێت وەکوو پلەی حیزبایەتی یان پایەی کۆمەڵایەتی و عاشایەری وەیان نوێنەری خەڵکێک بێت وەکو تورکمانەکان یان کلدۆ ئاشوریەکان وەیان هەر پارتیکی تری کوردستان، وابزانم ئێستا بۆتان دیار کەوت بارودۆخەکە چۆنەو پیرێژنەکە ووتەنی (ئەرێ ڕۆڵە عەباسە لە دیوانەکانی کوردستان چ باسە) . بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.